




# بەراوردێك لە نێوان گۆران و روانگەدا

حەکیم مەلا سالح

بمانەوێ یان نا، ئەوا روانگە لە سەردەمی خۆی و ماوەیەکیش پاشتردا بزاڤێ بوو لە هەندێ لایەنەوە ئەو قۆناغە کپبووەی دوای (گۆران)یان شلەژاندو هەندێ وێنەو دەستەواژەی تازەیان بەخشی بە ئەدەبی کوردیمان، ئەمە لە ڕووی شیعرەوە، لە ڕووی چیرۆکیشەوە دوو نووسەرە بەرزەکەی ناو ئەو بزاڤە (حسەین عارف و کاکە مەم بۆتانی) بەرهەمی جوانیان خستە ڕوو. لە چیرۆکەکانیاندا زمان و تەکنیکی پێش خۆیان بەجێ هێشت، واتە «کوێرەوەری- برایم ئەحمەد»و «پێکەنینی گەدا- حەسەن قزڵجی»یان خستە پشت سەرو چیرۆکی کوردییان لە تەکنیکی ئەوانەوە (دارشتنی- سرد) گواستەوە بۆ بارێکی هونەری، کە پاشان بەرهەمی گەورەی بەدوادا هات.(١) (لەم پێشەکییە کورتەدا پێویستە هەندێ قسەی دیکە بکەین).

روانگەییەکان بانگەوازەکەیان لە ڕێکەوتی (٢٥-٤-١٩٧٠)دا ڕاگەیاندووە. واتە نزیکەی هەشت ساڵێک پاش مەرگی گۆران. بەرنامەی کاریان لەسەر بنەمای (بیری نوێ، وتەی نوێ، کرداری نوێ) داڕشتووەو بانگەوازەکەیان لەم خاڵانەدا چڕکردووەتەوە:

١- ئێمە نووسینمان قاڵبووی ئازارە.. بۆیە دژی ئازار ئەجەنگێت.

٢- جوانی پەرستە.. بۆیە ناشیرینی ناگرێتە خۆی.

٣- نوێخوازە.. بۆیە لە کۆن یاخی ئەبێت.

٤- سەربەستو ئازادە.. بۆیە گشت کۆتو زنجیرێک ئەپچڕێنێت.

٥- شۆڕشگێڕە.. بۆیە لە ئاستی هیچ کۆسپ و مەترسییەکدا سڵ ناکاتەوە.

٦- مرۆڤی کورد ئەینووسێت.. بۆیە بۆ نەتەوەی کورد ئەبێتە مەشخەڵ.

لەسەر ئەم شەش خاڵە هەروا بە ئاسانی ناوەستین و بۆ خۆیشمان قسە ناهۆنینەوە، بەڵکو وەک فاکتی حاشاهەڵنەگر ئەکەوینە پیاسەیەک بەناو گوڵشەنی دیوانەکەی گۆراندا و بەڵگە دێنینەوە.

*خاڵی یەکەم: (ئازارو جەنگان دژی ئازار) ئەوا گۆران کەسێکی زۆر ئازارچەشتووی ڕۆژگاری خۆی بووە.

یەکەم: لەلایەن نەیارانی هزرییەوە زۆر ئازاری دەروونییان داوەو تەنانەت پیلانیان بۆ داڕشتووە کە گوایە لە بەڕێوەبەرایەتیی ئەشغاڵ-ڕێگاوبان- گەندەڵیی کردووە، بۆ هەندێ ئارامکردنەوەی ئازاری دەروونیی، قەسیدەیەکی پڕ لە حەسرەتی بە ناونیشانی (لە بەندیخانە) نووسیوەو هەر لە بەندیخانەوە ڕەوانەی باوەشی ڕۆژنامەی (ژین)ی کردووەو لە (١٩٥٢/٦/٥) دا بڵاوکراوەتەوە، تێیدا دەڵێ:

**ئەی تیژگی ڕۆژ! ئەو وڵاتەی کۆمەڵی پاکە،**
**ئەندامێکی وەك منی تیا ئازادو چاکە**
**ئەندامێکی وەك منی بۆ شیعرو ئەدەب زاو،**
**تیا نابێتە پارە دزی (برسیو ناتەواو) (٢)**

دووەم: ئازارێکی زۆر کە بۆ گەلو نیشتمانی چەشتووەو لە هەندێ لە شیعرەکانیدا دەبینین، کە کسپە لە جەرگییەوە دێ. ئەمەش نەک هەر کوردو کوردستانی، بەڵکو خەمی گەلانی ڕۆژهەڵاتیشی خواردووە، وەک لە پارچە شیعری (بانگێک.. بۆ پۆڵ ڕۆپسن..)دا (٣) دەڵێ:

**نایەڵن بێ بۆ گەلانی ڕۆژهەڵات**
**بەستە بڵێ، تیژکەی ئاگری خەبات.**

ئەمە جگە لەوەی کە ئازاری بۆ نەهامەتییەکانی گەلی (عەرەبو کۆریا)یشی چەشتووە لە پێناوی ئەم خەمخۆرییەیدا باجی قورسی پێداوەو سێ جار گۆشەی زیندان بووەتە مەنزڵی.

چوارەم: لەگەڵ ئەوانەشدا دەبینین ئازاری تاکی ناو کۆمەڵیش یەخەی گرتووە، بۆ نموونە لە شیعری (ناڵەی بێکار) (٤)دا دەڵێ:

**فرمانێ، ئەی کۆمەڵ! فرمانێ.. فرمانێ..**
**بۆ دەرد بێکاری چارەیەك، دەرمانێ**
**زۆر شەرمە لە چەرخی بیستەما ئینسانێ**
**بێ ئیش بێ و سکی خۆی هەڵ لووشێ بۆ نانێ.**

بۆ ژیانی پڕ لە دەردی سەریی خۆیشی دەڵێ:

**نانووم لەتاو ئێشو ئازار**
**ڕائەژەنم لەشی زامار**
**چاوی هیوام ئەبڕمە دوور**
**سرنج ئەدەم لە ئاسۆی سوور (٥)**

خاڵی دووەم: جوانی پەرستە.. بۆیە ناشیرینی ناگرێتە خۆی.

لێرەدا دیارە مەبەست لە جوانیی ئافرەتو سروشت نییە، بەڵکو مەبەست وشەو پەیڤو هونەری دڵگیرە.

بمانەوێ یان نا، ئەوا روانگە لە سەردەمی خۆی و ماوەیەکیش پاشتردا بزاڤێ بوو لە هەندێ لایەنەوە ئەو قۆناغە کپبووەی دوای (گۆران) یان شڵەژاندو هەندێ وێنەو دەستەواژەی تازەیان بەخشی بە ئەدەبی کوردیمان

لەم بارەوە دەبینین کە گۆران لە شیعرەکانیدا زۆر بە گەرمی لە هەوڵی ئەوەدا بووە، کە جوانکاری و ناسککاری لە شیعرەکانیدا بکاتو زۆریشی بە سەردەمی خۆیو دوای خۆی بەخشی. ئەگەر هەندێ وشەو رستەی جۆری تری بەکارهێنابێ، ئەوە بۆ پلارو تانووت بووە دژی داگیرکەر، مشەخۆر، کۆنەپەرستو ناپاکانو وشەگەلی (مار، چەقەڵ، سەگ، کەر، کرم)ی دەرحەق بەکارهێناون، ئەو شیعرانەیشی لە دیوانەکەیدا ناوناون (شیعری گەپ) (٦) ئەو وشانەش کە بەکاری هێناون ئەگەرچی بە رواڵەت ناشیرین بن، ئەوا لە ناوەرۆکدا لامان جوانو بەپێزن. ئەوەش دەبینین کاتێک کە شیعر بۆ کەسایەتییە خاوێنەکان دەنووسێ، وەک (بێکەس، مەحموود جەودەت، جوانێکی سیل کوشتوو، گەورەیەکی شیعردۆست، سالمی ساحێبقران، دەروێش عەبدوڵڵا، م. نوری، قالەی ئایشێ خان، رەفیق حیلمی، پیرەمێرد) ئەوە بە وشەی جوان شیعرەکانی رازاندووەتەوە، بۆ جوان وشەی جوانو بۆ ناشرین وشەی توندو ڕەقی بەکارهێناوە.

**سڵ مەکە لە مەیلی بە گەرمی روانینم**
**پیاوێکم جوانیە قیبلەگای ئاینم (٧)**

خاڵی سێیەم: نوێخوازە... بۆیە لە کۆن یاخی ئەبێت. هەموو ئەوەمان لەلا بڕواتەوە کە گۆران شیعری نوێی گەیاند بە لووتکە، چونکە بەو هزرە نوێخوازییەی کە دەستی لێی گیربووە، هاندەری بووە بۆ ئەوەی لە قاڵبی خۆیدا قەتیس نەبێت و دنیای تازە بدات، هەر ئەمەش وای کردووە کە بڵێین:

یەکەم: لە رووی ئایدیاوە خەتێکی راستو چەپی هێناوە بەسەر هزری (تصوف)دا، کە بەشێوەیەکی فراوان شاعیرانی پێش خۆی بەنجکردبوو، ئەمەش گۆڕییەوە بە تەرزی بیرکردنەوەی هاوچەرخ.

دووەم: قوفڵێکی پۆڵاینی دا لە دەروازەی سیستەمی عەروزی عەرەبیو ئەوەش دەستبەرداری شێوازی رۆمانتیکی بوو، ئەو دەمەی کە ئەو شێوە شیعرەی بڵاوکردووەتەوە، پاشماوەی شاعیرانی کلاسیکی و هەوادارانی شیعری کۆن و وتوویانە ئەوەی (دەیڵێ بە هیچ شێوەیەک شیعر نییە، بەڵکو حل حلی و بلی بلی)ە.

سێیەم: گەلێ وشەی کوردیی پەتیی کردە میوانی شیعرە نوێکانی و تەنگی بەو لێشاوی وشە عەرەبی، فارسی، تورکییانە هەڵچنی، کە زمانی خۆمانیان تا رادەیەک لێ نامۆ کردبووین، واتە ئەم بەسەر ئەواندا وەرشەیەکی تازەی زمانی بنیاد نا و زمانەکەمانی خاوێنو نوێ کردووە.

چوارەم: زۆر لە شاعیرە کۆنەکانمان زمانەکانی (فارسی، عەرەبی، تورکییان زانیوە. ئەم لە هەوڵو خزمەتی خۆیدا ئەزموونی زمانی ئینگلیزیو رووسیشی خستە سەر، واتە دەوڵەمەندتری کرد، نەک لە ڕووی وشەوە، بەڵکو لەڕێی وەرگێڕانەوە لەو دوو زمانە ئەوەندەی پێی کرابێت واتە بە مێژووی شیعری خۆی گوت جگە لە عەرەبی، تورکی و فارسی، ئەم دوو زمانەش هەنو ئەوەش جۆری بەرهەمیانە.

پێنجەم: بۆ ئەوەی وشە کوردییەکان لای نەوەی ئەو سەردەمە جێگە بگرن، لە گەلێک لە پەراوێزی شیعرەکانیدا وشەکانی لێکداوەتەوە، ئەگەر لەم رووەوە بەراوردێکی نێوان (٩) پارچە شیعرە کلاسیکییەی خۆی، کە ناوی ناون (یادگاری کۆن) لەگەڵ شیعرە نوێکانیدا بکەین، ئەوا دەبینین چۆن زمانی لەباری کۆنەوە گۆڕیوە بۆ شێوەی نوێ. بە کورتی کارەکەی هەر لە ڕووی فۆرمو تەکنیکەوە نەبووە، بەڵکو لە ڕووی قامووسی شیعریشەوە زمانی کۆنی خستووەتە لاوەو زمانێکی نوێی پاراوی کوردیی هێناوەتە گۆڕێ، کە ئەمەش بۆ ئەو سەردەمە شۆڕشێک بووەو پێویستە

بە هەندی وەربگرین.
شەشەم: ئەم شاعیرە نوێخوازە هەر بەوەوە نەوەستاوە کە شیعری کوردی نوێ بکاتەوەو ڕەگوڕیشەی شیعری کۆن دەربێنێ، بەڵکو دەستی بۆ هونەری چیرۆکیش بردووەو کاری تێدا کردووە. بۆ ئەم مەبەستەش پەنای بردووەتە بەر هونەری وەرگێڕانو (٩) چیرۆکی کورتی لە هەردوو زمانی (عەرەبیو ئینگلیزی)یەوە کردووەتە کوردی (٨) کە بە ڕاستی ئەوەندەش جوان وەری گێڕاون لە خوێندنەوەیاندا چێژی تایبەت وەردەگرین. ئەو دەمە گۆڤاری گەلاوێژ کە گۆڤارێکی پڕ بایەخی ئەو سەردەمە بووە، لە ژمارەکانی خۆیدا نموونەی چیرۆکێکی بیانیی کردووەتە دیاریی ژمارە، بەمەبەستی ئەوەی کە چیرۆکنووسان پێی ئاشنا ببن و سوودی هونەریی لێ وەربگرن. گۆرانیش دەنگی خۆی ئەخات پاڵ دەنگی ئەوانو ئەو نۆ چیرۆکەی وەرگێڕاوە. دیارە ئەمیش مەبەستی ئەوە بووە کە:
١- بە چیرۆکنووسەکانی ئەو دەمە بڵێ: واز لە زمانی گێرانەوە بێنو بەم زمانە هونەرییە چیرۆک بنووسن، کە دەیخەینە پێش چاوتان.
٢- بۆ ئەوەی شانبەشانی شیعر، هونەری چیرۆکیش بارگەی خۆی لە هەواری نوێخوازی دابخات.
وەک لە پێشەکیی ئەو چیرۆکانەدا نووسیویەتی: (بەپێی توانست هاوکاری لەگەڵ تەقەلای گۆڤاری مانگانەی گەلاوێژ بکەم، بۆ دانانی بناغەو گەشەپێدانی هونەری چیرۆکنووسی لە زمانی کوردیدا) (٩)
خاڵی چوارەم: سەربەستو ئازادە.. بۆیە گشت کۆتو زنجیرێک ئەپچڕێنێت.
ئەوەی دەیبینین گۆران شیعری نوێی نووسیوە، نەک شیعری سەربەستو ئازاد. واتە لە کاری خۆیدا ئەگەرچی (کێش)ی شکاندووە، بەڵام بە هەر جۆرێک بووە دەستبەرداری (سەروا) نەبووە. بۆ نموونە با ئەم کۆپلەیەی لە شیعری (یار) (١٠) بخەینە پێش چاو....

**یار.. یار!**
**شیرین لەنجەو لار!**
**چاوم ڕوا..**
**سەبرم سوا..**
**هێزم لێبڕا..**
**هەر نەهاتی، دەرنەکەوتی**
**بۆچی توخوا؟**
**یار .. یار.. شیرین لەنجەو لار!**

وشەکانی (یار، لار، ڕوا، سوا، بڕا، خوا، نەهامەتی، نەکەوتی) شیعرەکەیان لە قاڵب داوە. دیارە لەو سەردەم و ڕۆژگارەدا ئەم جۆرە شیعرەی بۆ ئەوە داناوە کە:-
١- پیشانی شاعیرانی دەورەی خۆیو دوای خۆی بدات، کە سنووری خەیاڵی شیعر هێندە فراوانە، لەباریدا هەیە کە بەم شێوەیەش بنووسرێ.
٢- بۆ ئەوەی ببێتە ڕێگەیەکو شیعری گەورەی بەدوادا بێت، کە هاتو دیمان.
بۆ ئەو ئەزموونە سەرەتاییە هەر ئەوەندەی لە دەست هاتووە کە سیمای شیعری کۆن بەم شێوە نوێیە ئارایشت بکات. بەڵام هەر بڕوای تەواوی بەوە هەبووە، کە (سەروا) دەبێ هەبێت، چونکە جگە لەوەی مۆسیقایەک بە شیعرەکە دەبەخشێت، پێشی وا بووە کە شیعری بێ سەر وا بە پەخشان دادەنرێ. لەم بارەوە لە گۆشەیەکی دیوانەکەیدا کە ناوی ناوە (شیعری بە پەخشان وەرگێڕراو) چوار پارچە شیعری کردووەتە کوردی، کە ئەم چەند دێڕەی بە نموونە دێنینەوە. شیعری (باوەڕەکەمان) (١١)
**باوەڕەکەمان (فەرمان) نییە بەسەرمان دا سەپابێ،**
**لە قووڵایی دڵمانا ڕەگەکانی داچەقیوە.**
**ئەگەرچی لە ئازار زاوەو، لە گوشاری پێویست،**

بەڵام ئێستا: ئەبەخشێ هێز، ئەبەخشێ بەری شیرین.

خاڵی پێنجەم: شۆڕشگێڕە.. بۆیە لە ئاستی هیچ کۆسپو مەترسییەکدا سڵ ناکاتەوە.

شاعیری ئەم باسەمان زووتر بە کردارو هەڵوێستو شیعر ئەو راستییەی سەلماندو کۆی لە هیچ دوژمنێک نەکردووە. لەگەڵ دەیان گرفتدا جگە لەوەی لەسەر کار لابراوەو نانبڕاو کراوە، سێ جاریش دەستگیر کراوەو خراوەتە زیندانەوە. هەموو ئەمانەی بە ئاسایی وەرگرتووە، چونکە لەڕێی بیروباوەڕە پێشکەوتووەکەیدا بووەو تا دواجاریش هەر سووربووە لەسەر هەڵوێستی خۆی، هەروەک لە دیوانەکەیدا دەبینین کاتێک بۆ چارەی نەخۆشییەکەی کە سەری بردە ژێر گڵ دەینێرنە سۆڤیەت، لەوێ شیعری (مۆسکۆی ئەیار) دەنووسێ کە تێیدا دەڵێ:

**وشەی هەرە پڕ بە دەمیان**
**ئاشتی، ئاشتی، ئاشتی**
**دوو بەنگیش بوو، وەرزشکەران**
**وەك پەردە ئەچوونە پشتی،**
**ئاڵ: وەك کوڵمێك گەرمی خەبات،**
**سەوز: وەك ژینێك پڕ لە ئاشتی...**

×××

**جۆشی دەنگ و رەنگ و جووڵە**
**گیانی منی خستە سەرباڵ،**
**لە ئاسۆی دووری وڵاتم**
**ورد، ورد گێڕام چاوی خەیاڵ**
**بۆ رەنگی سەوز، پاش رەنگی ئاڵ**
**بۆ رزگاری لە ژینی تاڵ!...**

خاڵی شەشەم: مرۆڤی کورد ئەینووسێت.. بۆیە بۆ نەتەوەی کورد ئەبێتە مەشخەڵ.

بۆ ئەم مەبەستە، گۆران جگە لە شیعرە نیشتمانییەکانی، گۆشەیەکی دیوانەکەشی تەرخان کردووە بۆ (سروود) (١٣) یازدە پارچەی بۆ نەتەوەکەمان کردووەتە مەشخەڵو تاریکستانی ئەو سەردەمەی کوردەوارییان تژی کردووە لە چەخماخەو دڕی بە شەوەزەنگ داوە. راستە شاعیرانی روانگە لەگەڵ شیعری شۆڕشگێڕیدا بووبوونە جمگ، بەڵام رۆژان هاتنو چوون هەرگیز کەسیان نەیانتوای سروودێکی وەک (دەمی راپەڕینە) ی گۆران بنووسن.

شێرکۆ بێکەسی شیعرین، دوای نزیکەی چل ساڵێک تێپەڕین بەسەر بانگەوازەکەی روانگەدا، سروودێکی دانا کە (ئەی رەقیب) بخاتە ئارشیفەوە، بەڵام وا دەرنەچوو.

بۆ ئێستەی قۆناغی کوردایەتیو ژیانی گەلەکەمان چەند جوانو لەبارە کە گۆران وتوویە:

**پاسی ئاشتی ئامانجی خەباتمانە**
**ئاشتی رێگای رزگاریی وڵاتمانە،**
**کاتی ئاشتی، کاتی خۆشیو هاتمانە،**
**هۆ تێربوونو پۆشتەبوونی لاتمانە!**
**رێی کامەرانی،**
**رێی پێشکەوتنی ئاوەدانی،**
**ئاشتی گشتییەو جیهانی.**
**سائەی ئاشتی خواز**
**بە دڵسۆزیو بەرزیی نیاز**
**گوێی زەوی کەڕکە بە ئاواز(١٤)**

*******

برادەرانی روانگە نەدەبوو لەم بانگەوازەیاندا گۆرانیش بخەنە بازنەی (کۆن)ەوە، چونکە ئەو رەگوڕیشەی کۆنی دەرهێناو گۆڕییەوە بە (نوێ). ئەو رێگەکەی خۆشکردو ئەمانی بەدوادا هات. ئەو سفرەی کۆنی پێچایەوەو خۆراکی تازەی لەجێ دانا. وەکو ئەگەر لای فارسەکان (نیما)و لای عەرەبەکان (سەییاب)

# برادەرانی روانگە نەدەبوو لەم بانگەوازەیاندا گۆرانیش بخەنە بازنەی (کۆن)ەوە، چونکە ئەو رەگوڕیشەی کۆنی دەرهێناو گۆڕییەوە بە (نوێ)

نەبوونایە ئەوا بەو ئاسانییە کەڵە شاعیرانی دیکە دروست نەدەبوون. فارسەکانو عەرەبەکانیش لە لێکۆڵینەوەی شیعری نوێی خۆیاندا بە (نیما)و (سەییاب) دەست پێدەکەن! بۆ ئەمە دەبوو ئەمانیش مافێک بەو پیاوە ئازایە ببەخشن، کە بەر لەمان رەچەکەی شکاندووەو بە چەند شەقاوێ شیعری پێش خۆی بەجێ هێشتووە.

راستە ئەمان لە سێ خاڵی شیعریدا پێش گۆران کەوتن، بەڵام هەرگیز ئەوە ناگەیەنن کە نیشانەکەیان باش پێکابێو بڵێن (نوێخوازە.. بۆیە لە کۆن یاخی ئەبێت). چونکە هونەر بۆ گۆران بوو، کە لەو سەردەمەدا لە هەموو شیعری پێش خۆی یاخی بوو، ئەمان لە رێگەکەی ئەوەوە دەستیان پێکردو پاشان چەکەرەی تری لێدا.

خاڵەکانی لادانی ئەمان لە گۆران بریتی بوون لە:

یەکەم: پەنابردنە بەر (ئیستیعارە) کە لای گۆران زۆر بە دەگمەن دەبینرێ. بەڵام لای ئەمان بەشێوەیەکی فراوان هەیە. واتە لای ئەو وشەکان زەقو زۆپن، بەڵام لای ئەمان بە هونەری ئستیعارە پەردەپۆش کراون. وەک بەکارهێنانی (خۆر لەباتی ئازادی)، (شار لەباتی وڵات)، (رووبار لەباتی شۆڕش)، (نەهەنگ لەباتی داگیرکەر)هتد.

دووەم: بەکارهێنانی (پارادۆکس) وەک (نانی برسی، ئاوی تینوو، شەپۆلی خنکاو، دەنگی سپی(١٥) لەپاڵیدا هەندێ رستەی وەکو (گوناهەکانم نوێژ ئەکەن، شەوەکانم رۆژوو ئەگرن، من تینویەتیم بەگر ئەشکێ)(١٦).

سێیەم:هەندێ عیباراتی نوێ کە شیعری (ئازاد) لەخۆیان دەگرێ. وەکو (تەونێکم، تۆڵەتان، چنیومی.. شەهیدێک کە گۆڕەکەی ئەبێتەوە بە سەنگەرێ.. من فرمێسکم چاوەکانم ئەخواتەوە(١٧) لەگەڵ هەندێ (تەرکیباتی نوێ)دا وەکو (بێشەی ئاگر.. گۆمی بێدەنگی.. دارستانی ئازار.. ئەسپی ڕەشەبا.. کێڵگەی بیر.. ئینجانەی درک.. ئەستێرەی پشکۆ)(١٨)

ئەمە راستییەکە ناتوانین بیشارینەوە، بەڵام دەتوانین ناوی بنێین (چەپکێک بۆ سەر مێزە هاوچەرخەکەی گۆران). چونکە ئەم یەکەمین داهێنەرو بە لووتکە گەیاندنی شۆڕشی نوێی شیعریی بوو بەسەر بنەماکانی شیعری کۆندا.

راستە ئەمان لە سێ خاڵی شیعریدا پێش گۆران کەوتن، بەڵام هەرگیز ئەوە ناگەیەنن کە نیشانەکەیان باش پێکابێو بڵێن (نوێخوازە.. بۆیە لە کۆن یاخی ئەبێت). چونکە هونەر بۆ گۆران بوو، کە لەو سەردەمەدا لە هەموو شیعری پێش خۆی یاخی بوو، ئەمان لە رێگەکەی ئەوەوە دەستیان پێکردو پاشان چەکەرەی تری لێدا.

## سەرچاوەکان


١- رۆژنامەی هاوکاری ژمارە (١٥) ١٩٧٠/٤/٢٥.

٢- دیوانی گۆران ل/٢١٧

٣- هەمان سەرچاوە ل/٢٧٨

٤- هەمان سەرچاوە ل/٢٠٠

٥- هەمان سەرچاوە ل/٢٨٨

٦- هەمان سەرچاوە ل/٣٨١-٢٩٨

٧- هەمان سەرچاوە ل/٢٦

٨- ئەم چیرۆکانە ساڵی ١٩٥٣ لەسەر ئەرکی رۆشنبیری هەرە گەورە (عەلادی سەججادی) چاپکراونو ساڵی (١٩٩٥) (د.فەرهاد شاکەلی) بەشێوەیەکی پوختەکراو چاپی کردوونەتەوە.

٩- بروانە ئەو پێشەکییەی گۆران بۆ وەرگێرانی (هەڵبژاردە، لە چیرۆکی کورتی بێگانە)ی نووسیوە.

١٠- دیوانی گۆران ل- ٢٠٤

١١- هەمان سەرچاوە ل- ٥١٠

١٢- هەمان سەرچاوە ل- ٣٢٥

١٣- هەمان سەرچاوە ل- ٤٠١-٤١٨

١٤- هەمان سەرچاوە ل- ٤١٦

(١٥) (١٦) (١٧) (١٨) دیوانی شێرکۆ بێکەس- بەرگی یەکەم ل ٢٨٦-٢٩٦.